# فەلسەفەی نوسینی شیعر لە.. پایزی ئەدیلایدا

## زاناسامان

(پایزی ئەدیلاید) قەسیدەیەکی (جەمال غەمبار)ی شاعیرەو لەساڵی 2005 لەوڵاتی ئوستورالیا نوسیویەتی‌و لە(سایتی دەنگەکان) بلاّوکراوەتەوە.

ئەم قەسیدەیە کە لەزۆر رووە وە دەتوانین کاری لەسەر بکەین، بەڵام گرنگترین کار لەسەرکردنیان ئەوەیە کە هەوڵبدەین لەناو رۆحی نهێنیە شیعریەکاندا، مەبەستیەتی نوسین ئاشکرا بکەین.

گرنگترین قسە لەسەرکرن ئەوەیە کە پێش هەر باس و شرۆڤەیەك، دەبێت ئەو راستیە بزانین، کە دەستپێکی شیعر لەکاتی نوسینەوەدا پێویستی بەتەواوی (ئاگایی) شاعیرەکەی هەیە، بۆ..؟؟ لەبەر ئەوەی کە دەستپێکی شیعر یەکێکە لەو حاڵەتە سەرنج راکێشانەی، خودی خوێنەر تا دوا دێڕی دەق رادەکێشێت، کە بۆ هەمیشە لەلای خوێنەر (وەڵام) دروست دەبێت بۆ ئەو پرسیارە ناڕاستەوخۆیانەی لە زاکیرەی شاعیرەوە دێنە نێو کایەی بەنوسین کردنەوەو شتێك بۆ بەدواداچوون‌و گەڕان بەجێدەهێڵێت، تا خوێنەری راستەقینە یان دۆستانی شیعر بە چەند وێنەیەکی دیکە ئاشنا بکات‌و لەدیوی شیعرییەتەوە شاعیر پێیان بڵێت: ئەگەر شتێکیش ئەبێت لە نێوەندی دووبارەکردنەوە، بەڵام ئەوانەی کەخولیای شیعرن دەبێت بزانن شاعیران تا چ رادەیەك و لەهەر شیعرەو بەچ جۆرێك مەبەستەکانی خۆیان دەگەیەنن بەخوێنەرانیان.

(کێیە بەم شەوە مۆرە بەتەنیا دەبارێت ؟

بارینی وام بەدرێژایی تەمەنی پایز نەبینیوە

بارینی وا لەهیچ گەڵایەکی تەڕدا،

لەمێژووی هیچ باخچەیەکدا رووی نەداوە !)

وەك لەسەرەتادا باسم لەسەرکرد، گرنگترین شت لە بەشیعرکردندا ئەوەیە کە شاعیر پێویستە پرسیار بۆ خوێنەر جێبهێڵێت، تا خوێنەر لەروانگەی خودیەتی شیعرەوە بەدووی کایە راستەقینیەکانی شیعریەتی خاوەن شیعردا بگەڕێت.

وەڵامی یەکەمین دێری شیعرییەتی (جەمال غەمبار) ئەوەیە کە لەفەزای شیعرەکەیداو لەدیوێکی دیکەوە شتەکانی ناو ناخی خۆیمان بۆ دەنوسێتەوە، بەڵام دنیا بینیە واقیعیانەکەی ئەوەیە کە شاعیر لەو دێرەیدا خەمی ئەوەی هەیە کە بەکراسێکی مۆری غەمباریانەوە، ئاوێتە بەنوسینەوەی دەقێکی تازەی خۆی دەبێت‌و بە ئەرکی دەزانێت وەکو شاعیرێك هەرچی راستیەکانی ناوەوەی خۆیەتی، بەبێ دەست تێوەردان بیانخاتە سەر گازەرەی پشت، تا خوێنەر هەست بە رەوانبێژی شاعیر بکەن لەو دەقەدا، دێری دوای ئەوە ئەوەیە کەشاعیر ناڕاستەوخۆ لەروانگەیەکی شاعیرانەیی دیکەوە، دێرێکی نەوتراو دەڵێت.. بەڵام راستیەکەی مانایەکی ترو مەبەستێکی شاراوەیی تر لەخۆدەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر نەیویستووە راستەوخۆ پێمان بڵێت: ئەوەی دەیڵێم مەبەست لە ناوەوەی خەمە هەمیشەییەکانی خۆمە، بۆیە وای بە باشزانیوە کە پایز وەك شوبهاندن بەکار بهێنێت لەدەقەکەیداو خوێنەر تووشی گەڕان بکات، بەڵام رووی راستیەکەی ئەوەیە کە شاعیر لە بەکارهێنانی ووشەی(پایز)دا مەبەست لە تەمەنی خۆیەتی بەڵام لە روانگەیەکی تری دنیابینی شاعیرانەیی خۆیەوە.

(کەسێك لێرەیە، تارمایی بارینی هەست پێدەکەم

ئەوەتانێ سێبەرەکەی عەتری لێدەتکێ

ئەوەتانێ دەستی خستۆتە ژێر چەنەی،

لەگۆرانییە نەوتراوەکان ورد ئەبێتەوە)

دەستپێکی ئەم وێنەیە گوزارشتە لەو حاڵتە ناهەموارەی تووشی شاعیر هاتووە، بەڵام ئاخۆ مەبەستیەتی شاعیر کام روانگەو تێفکرینەوە دەگرێتەوە، ئایا ئەو کەسەی باسی لێوە دەکات لەوحاڵەتی ئامادە باشیەی شیعر نوسیندا ئامادەگیی هەبووە، یان ئاخۆ مەبەستی چیە لەوەی کە دەڵێت: (کەسێك لێرەیە تارمایی..........هاتا دوایی)، لێرەدا دەبێت هەوڵی دروستی دیووە راستەقینەکەی بدۆزینەوە، هەڵبەت پیش ئەوەی ئەو نهێنیە ئاشکرا بکەم دەمەوێت بڵێم: قوڵی فەلسەفەی نوسینی شاعیر ئەوەندە زۆرە، کەدرکاندنی هەندێك حاڵەت کارێکی وەها ئاسان نیە، یاخود روونتر بڵێین..شاعیر وەها شارەزاییانە دەنوسێت، ماوەی گەڕانی کەسایەتیەك ناهێڵێتەوە کەبۆ ئاشکراکردنی  وێنە شعیرەکانی هەوڵەکانی بخاتەگەڕ،

هەر چۆنێك بێت بەپێی تێفکرینەوەی خۆم ئەیە دەڵێم: کە شاعیر لەباسی ئەو کەسایەتیەی هەستی پێکردووە، خودی شیعرە.. بابڵێین چۆن..؟، ئەو دەمەی شاعیر مەیلی نوسینی ئەم شیعرەی هەبووەو کلتێك پێنوسی بەدەستەوە گرتووەو خەریکی نوسینی شیعرەکە بووە، راستەوخۆ درکی بەو حاڵەتە کردووە کە تووشی بووە، واتە لەگەڵ یەکەمین داگرتنی پێنوسەکەی بۆسەر پەڕە زانیویەتی کەوا خودی شیعر دەبێتە پاڵپشتی نوسینەوەکەی‌و شتێك دەنوسێت کە لەودیوی مەیل‌و مەبەستە شیعرییەکانی خۆیەوەیەتی، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیویەتی لەو ساتە وەختی تێکەڵبوون بەحاڵتی شیعرەی کە رێگربووە لەکارەکەی، هەرچۆنێك بێت شتێك لە مەبەستەکەی خۆی ئاوێتە بەو کارە شیعریەی تر بکات، لەرووبەکی ترەوە ئەوەیە کە لەو وێنە شیعریەدا (جەمال غەمبار) پێمان دەڵێت: ئەوی شیعر شتێك دەڵیت کە نەوتراوە، یان گۆرانیەك دەڵێت کە تەواوی کارەکانی پەیوەستە بەخۆیەوەو لەکەسی دیکەی وەرنەگرتووەو هەتا خوێنەر حەزی خوێندنەوەی هەبێت وێنە شیعریەکی تازەی شاعیرێکە کە توانیویەتی بیدۆزێتەوەو بەدۆستانی شیعری بناسێنێت.

(کێیە لەم ئێوارە رۆحکوژەدا، تەنیایی لەگەڵ بەشدەکات

کێیە روفاتی زاکیرەی ئەباتەوە بۆ ژێرچەتری بارینی خۆی!)

ئەوەی کە پێویستە بەوردی باسی لەسەر بکەین ئەوەیە کە (جەمال غەمبار) هێندەی لەحاڵەتی (ئاگایی) دا دەنوسێت، ئەوەندە غەرقی ئەو حاڵەتە کتوپڕانە نابێت کە وێنەی شیعری خۆرسك ئاوێتە بە شیعرەکانی ببێت‌و لەزۆر رووەوە تووشی هەڵەی شیعریەتی بکات، پێویستە بگەرێینەوە بۆ ئەو دوو دێرە شیعرە کە هێناومەتەوە بەمەبەستی قسە لەسەرکردن. دیارە شاعیر مەبەستی سەرەکی لەم دوو دێرەی لەبەرچاوی خوێنەراندایە ئەوەیە کەشیعر وای لێدەکات بەرەو ئەو حاڵەتە سەرەتایەی ببات کە هەوڵی شیعر نوسینی داوەو توانیویەتی لەژێر چەتری شیعریەتی خۆیدا، خۆی بگەیەنێتە ئەو کاتەی کە ئەم دەقەی تێدا نوسیوەوشاعیر بۆ هەتا هەتایە سوپاسی ئەو کاتانە دەکات کە بەرەو لای شیعری بردووە.

(ئەوەی ئەم عومرەی نەدیبێت، نازانێت سەراب لەکوێیە !

نازانێت خوا بۆ ئەوەندە هەراسانە بەدەست گڕی وجودەوە !)

شاعیر لێرەدا مەبەستی راستەقینەی ئەوەیە کە، دەیەوێت بڵێت: ئەوەی هەوڵی شیکردنەوەی هەیە بۆ گەیاندنی بەخوێنەری شیعر ئەوەیە کە، دەبێت شاعیران تەمەنێکیان لە ئاوێتەبوون بەشیعر هەبێت، ئەگەرنا ئەوانەی شیعر دەنووسن ناتوانن مەبەستەکانی خۆیان بگەیەنن بەخوێنەران، لەڕووبەکی ترەوە ئەوەیە کە دەبێت لەشیعردا شتێك بڵێین، هەلگری ئەو پەیامە راستەقینەیە بێت خودی شیعر پێویستیەتی بۆ شکاندنی تینوێتی.